# بەکارهێنانی ئایین بۆ بەرژەوەندی دونیا
# بەناوی خودای بەخشندە و میهربان

د. محمد گەزنەیی

سوپاس و ستایش بۆ خودای داهێنەری مرۆڤ لە جوانترین وێنەو ڕوخسار، و ڕازاندیتیەوە بە بیر و هۆش و کار، و کردیتیە گەورە و سەروەری هەموو گیاندار، درووود و سەلام لەسەر هەموو پێغەمبەران بە تایبەتی حەزرەتی محمدی داناو بەهرەدار.

**پاشان:**

خوا ئادەمیزادی دروست کردووە و کردوێتی بە نوێنەری خۆی لەسەر عەرز ﴿إِنِّي جاعِلٌ فِي الأَرضِ خَليفَةً﴾ البقرة: ٣٠، ڕێزی زۆری لێگرتووە ﴿وَلَقَد كَرَّمنا بَني آدَمَ﴾ الاسراء :٧٠، و ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی زەوی پێ سپاردووە ﴿إِنّا عَرَضنَا الأَمانَةَ عَلَى السَّماواتِ وَالأَرضِ وَالجِبالِ فَأَبَينَ أَن يَحمِلنَها وَأَشفَقنَ مِنها وَحَمَلَهَا الإِنسانُ﴾ الاحزاب : ٧٢، و پێغەمبەرانی ناردووە، بۆئامۆژگاریان و، شەریعەتی بۆ ناردوونە، بۆ ڕێکوپێک کردنی هەلسوکەوتیان لەگەڵ یەکتر و، بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان و، دابەش کردنی ئەرک و مافەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و، دابین کردنی ژیانێکی خۆش بۆ هەمووان، بۆیە شەرعزانان دەفەرموون: خوا هەموو شەریعەتەکانی ناردووە بۆ بەرژەوەندی بەندەکانی خۆی، تا تووشی خراپەکاری نەبن[1] چونکە خوا زاناو خاوەن حیکمەتە، کەواتەه هیچ ئیشێکی بێ سوود ناکات، چونکە ئیشی بێ سوود گەمەو کات بەفیڕۆدانە، هەروەکو دەفەرموێ: (أَفَحَسِبتُم أَنَّما خَلَقناكُم عَبَثًا) المؤمنون: ١١٥، یانی: ئایا واتێدەگەن ئێوەم بەبێ هودە و بێ هیچ مەبەستێک و بۆ گاڵتە و یاری دروست کردووە.

---

١ الزمخشري ، الكشاف ٣٢٥/٢ طبعة تهران، ابن عبد الشكور، فواتح الرحموت شرح مسلم الثبوت ٣١٠/٢ مطبوع في هامش المستصفى نشر فرج الله زكي الكوردي، بولاق مصر سنة ١٣٢٥هـ السيوطي، الاشباه والنظائر ص٧٨، طبعة مصطفى البابي الحلبي، مصر ١٩٥٩.

**ئەو بەرژەوەندیانە چین کە ئاین دەیەوێ بینپارێزێت؟**

بۆ ئەوەی بزانین ئەو بەرژەوەندییانە چینە ئاین دەیەوێ بیانپارێزێ؟ پێویستە پێناسەی بەرژەوەندی بکەین و جۆرەکانی لە یەکتر جیا بکەینەوە.

## ١- پێناسەی بەرژەوەندی:

بەرژەوەندی بریتییە لەو شتانەی مرۆڤ دڵخۆش دەکەن و دوورکردنەوەی ئەو شتانەی ئێش و ئازاری دڵی دەدەن. ئەو شتە دڵخۆشکەرە شتێکی مادی بێت یا شتێکی دەروونی بێت یان شتێکی زانستی بێت.

## ٢- جۆرەکانی بەرژەوەندی:

بەرژەوەندی دەکرێتە دوو جۆری سەرەکی: بەرژەوەندی گشتی و، بەرژەوەندی تایبەتی، هەر یەک لەو دووانە دەبێتە چەند لقێک.

**یەکەم: بەرژەوەندی گشتی:** بریتییە لە بەرژەوەندی کۆمەڵێکی لە ژمارە نەهاتوو لە چوار چێوەی وەسفێکی هاوبەش.

**دووەم: بەرژەوەندی تایبەتی:** بریتییە لە بەرژەوەندی کەسێک یا چەند کەسێک کە ژمارەیان دەزاندرێ.

## جۆرەکانی بەرژەوەندی گشتی:

**أ- بەرژەوەندی هەموو مرۆڤایەتی،** ئەو جۆرە بەرژەوەندییە هەموو ئایینەکان کۆکن لەسەر پاراستنی، وەکو مافی ژیان، بۆیە هەموو شەریعەتەکان کوشتنیان حەرام کردووە، هەروەها مافی خاوەن ماڵ دەپارێزی، بۆیە هەموو شەریعەتەکان دزییان حەرام کردووە و فرتوفێڵی تەرازوویان حەرام کردووە.

**ب- بەرژەوەندی ئایین،** هەر ئایینێک شەریعەتەکەی گرنگی بە مانەوە و بەردەوامی خۆی دەدات، بۆیێ عیبادەتەکان واجب کراون، بۆ نموونە: هەموو ڕۆژێک نوێژ واجب کراوەو، حەفتانە نوێژی هەینی و، سالانە ڕۆژو واجب کراوە، تا خەڵکەکە ئاینی لەبیر نەچێتەوە، هەروەها جیهاد واجب کراوە تا بەرگری لە ئاین بکرێ، هەروەها خوێندنی ئاینی واجب کراوە، بۆئەوەی تا کومەڵە زانایێکی ئایینی هەبن و خەڵک فێری ئایین بکەن، چونکە بەردەوام بوونی عیبادەت و جیهاد و خوێندنی ئایینی دەبێتە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکە هەردەم ئایینەکەی لەیادبێ و کاری پێبکات وبەرز ڕایبگرێ .

**ج- بەرژەوەندی نەتەوەیی:** ئایینەکان بەرژەوەندی هیچ نەتەوەییەکیان پێش بەرژەوەندی نەتەوەکانی تر نەخستووە، بۆ نموونە پێغەمبەران زمانی نەتەوەی خۆیان فەرز نەکردووە لەسەر نەتەوەکانی تر، وفەرزیان نەکردووە لەسەر نەتەوەکانی تر فێری زمانی نەتەوەی خۆیان ببن، ئەوجا وەریان بگرن لە ئایینەکەیان، چونکە هەوڵیانداوە ئایینەکەیان زووبەزوو بڵاوببێتەوە لە جیهان، وداوایان لە نەتەوەی خۆیان کردووە خۆیان بە گەورەتر نەزانن لە نەتەوەکانی تر (لا يَسخَر قَومٌ مِن قَومٍ عَسىٰ أَن يَكونوا خَيرًا مِنهُم) الحجرات: ١١، ئەی ئەوانەی ئیماندارن: هیچ کەس و کۆمەڵە گاڵتە و قەشمەری بە کەس و کۆمەڵەی تر مەکەن، چونکە دەگونجێت ئەو گاڵتە پێکراوانە لای خوا چاکتر بن لەو کەسانەی کە گاڵتەیان پێ دەکەن. هەروەها پێغەمبەر دەفەرمووێ (العصبية أن تعين قومك على الظلم)[٢] یانی ڕەگەزپەرستی ئەوەیە کە هاوکاری نەتەوەی خۆت بکەی لەسەر ستەمکاری. کەواتە شەریعەت قەدەغەی کردووە لەسەر هەموو نەتەوەکان ستەم لە یەکتر بکەن، لەوە بۆمان دەردەکەوێ کە شەریعەتەکان ڕێزیان لە بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکان گرتووە بە یەکسانی و، مافی نەتەوایەتییان دەپارێزن، لەوە بۆمان ئاشکرا دەبێ هەر کەسێک بەناوی ئایین هەوڵ بدات زمانی نەتەوەیەک لەسەر نەتەوەییەکی تر فەرز بکات ستەمکارە، وهەر کەسێک بەرژەوەندی نەتەوەییێک بکاتە قوربانی بەرژەوەندی نەتەوەییەکی تر ستەمکارە.

بۆ نموونە: کوردستان بەشێکی زۆری داگیرکراوە لە لایەن تورکیا، وسوپای تورک ستەم و تاوانکاری لێ ئەنجام دەدات و، بە کەیفی خۆی میلەتەکە دەچەوسێنێتەوە و زمانی کوردی لێ قەدەغە دەکات، لە هەمان کات ئەو سوپایە پاسەوان و پارێزەری بیروڕاکانی ئەتاتورکە، کەواتە ئەوە گۆڕەپانی جیهادە و خۆبەکوشتندانە بۆ ئەو ئایین پەروەرە کوردانەی حەز لە شەهادەت و بەهەشت دەکەن، بۆیە هەر کەسێ بلێ: با کوردە ئایین پەروەرەکان بچن جیهاد بکەن لە ئەفغانستان یا شیشان یا لبنان یا فەلەستین ئەوە نەزانە یا بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە لە ڕوانگەی شەرع بەرژەوەندی نەتەوەیی لبنان یا فەڵەستین گرنگتر نییە لە بەرژەوەندی نەتەوەی کورد، بەڵکو بەرژەوەندی هەموو نەتەوەکان یەکسانە، بۆیی دروست نییە بۆ ئێمە کوردستان بە داگیر کراوی بهێلینەوە و بچین هاوکاری نەتەوەییەکی تر بکەین تا ئازاد بکرێ لە

[٢] (صحيح البخاري) بڕوانە (فتح الباري) بەرگی ١٣ لاپەڕە ٢٠٣.

داگیرکار، لە کاتێک کە بە تاقیکردنەوە بۆمان دەرکەووتوە کە ئەو نەتەوەی دەمانەوێ هاوکاری بکەین قەت هاوکاری ئێمە ناکات بۆ ڕزگاربوونمان لە داگیرکارانی کوردستان.

**د- بەرژەوەندی عەشیرەت** : عەشیرەتگەری هەندێ لایەنی باشی هەیە وەکو: ڕاهاتن لەسەر ژیانی بەکۆمەڵ و، هاوکاری یەکتر کردن، بەڵام زۆر لایەنی خراپی هەیە، وەکو دروستبونی هەندێ دابونەریتی دوور لە عەدالەت بە تایبەتی لە نێوان نێر و مێ، چونکە لە کومەڵگەی عەشیرەت پیاو خراپە دەکەن و ژن باجەکەی دەدەن، کە زەلام بەشەڕ دێن و یەکتر دەکوژن پاشان دەیانەوێ سولح بکەن ژن دەبن بە سوتەمەنی سولح، ئەویش لەگەڵ شەرع ناگونجێ، چونکە خوا دەفەرموێ: (وَلا تَزِرُ وازِرَةٌ وِزرَ أُخرىٰ) الاسراء ١٥، یانی: کەس گوناح و تاوانی کەسێکی تر ناخرێتە سەر ملی. هەروەها سولح دەبێ لەسەر ماڵ بێ، ژن مرۆڤە ماڵ نیە، بۆیێ سوڵحەکانیان هەمووی بە گوێرەی شەڕع بەتاڵ و پووچەڵە. هەروەها لە داب و نەریتی عەشیرەتگەری پیاو شەڕەفی ناچێ ئەگەر دامەنپیسیش بکات، بەڵام ژنی دامەنپیس شەرەفی خۆی و عائیلەکەی دەچێ، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک برای یا کوڕی تووشی دامەنپیسی بوو، پشتی دەگرێ و هاوکاری دەکات بۆ ئەوەی ڕزگاری بکات لە سزای شەرعی، بەڵام ئەگەر خوشکی یا کچی تووشی دامەنپیسی بوو خۆی سزای دەدات بە سزایێکی قورستر لە سزای شەرع، ئەوەش پێچەوانەی شەرعە. هەروەها لەداب و نەریتی عەشیرەتگەری پێویستە لەسەر یەکتری بکەنەوە و یارمەتی یەکتر بدەن بە حەق و بە ناحەق، بۆ نموونە: ئەگەر کەسێک لە عەشیرەتی خۆیان زەلامێ بە ناحەق بکوژێ لە عەشیرەتێکی تر، پشتی دەگرن و هەوڵدەدەن لە سزای عادیلانە ڕزگاری بکەن، یان شایەدی لەسەر یەکتر نادەن بە حەق، جاری وا هەیە شایەدی بە ناحەق بۆ یەکتر دەدەن. بە بۆ چوونی من ئەو گەندەڵیانەی لە حکومەتی هەرێم هەیە لەسەتا نۆهەتونۆ ئەو کەسانە دەیکەن کە عەشیرەتیان لە پشتە یا بنەماڵەی بەهێزیان لە پشتە، چونکە لە سزا ناترسن لەبەر ئەوەی واستەی زۆریان هەیە و هەروەکو دەڵێن: پشتیان هەیە و بەرگریان لێ دەکەن و لە سزادان ڕزگاریان دەکەن، بۆیێ بێباکانە ریشوەت وەردەگرن، خزمی خۆیان دادەمەزرێنن، ڕێز لە یاسا ناگرن و حساب بۆ کەس ناکەن، لە هەمووی خراپتر ئەوەیە هەر نەتەوەیێک بیری عەشیرەتگەری لەناو زاڵبێ بیری نەتەوایەتی لەناو لاواز دەبێ، چونکە هەر عەشیرەتێک هەوڵدەدات بەرژەوەندی عەشیرەتەکەی خۆی بپارێزێ، وزۆربەی عەشیرەتە جیرانەکانیش نێوانیان ناخۆشە و دوژمنداریان لە نێوان هەیە، چونکە هەریەکە چاوی لە بەرژەوەندی خۆیەتی لەسەر حسابی ئەوانەی تر و، شەڕ لە نێوانیان دروستدەبێ لەسەر پاوان و

عەرز و بەراو. بۆیێ ڕێکناکەون و هاوکاری یەکتر ناکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازی نەتەوە و یەکتر نەگرتنی، وهەر عەشیرەتێک دەبێتە میرنیشینێکی سەربەخۆ، پاشان دەولەتەکانی دەوروبەر بە ئاسانی یەک لە دوای یەک داگیریان دەکەن، بۆیێ ئایینەکان دژی دەمارگیری عەشیرەتگەرینە، وهەروەها زۆربەی نەتەوە پێشکەوتووەکانی جیهان بیری عەشیرەتگەریان تاواندیتەوە لەناو بیری نەتەوایەتی یا لە ناو بیری ئاینی.

**هـ- بەرژەوەندی بنەماڵە:** گوتمان بەرژەوەندی عەشیرەتگەری زیان بەخشە بە بەرژەوەندی نەتەوە، چونکە دەبێتە هۆی پارچە پارچەکردنی. کەواتە بەرژەوەندی بنەماڵە زیان بەخشە بە بەرژەوەندی عەشیرەت و نەتەوە، چونکە ئەگەر دوو سێ بنەماڵەی بەهێز هەبێ لەناو عەشیرەتێک و هەریەکە ئەندامەکانی دەمارگیری بنەماڵەیان هەبێ، ئەوە دەبێتە هۆی پارچەپارچە بوونی عەشیرەتەکە، و بەرژەوەندی گشتی عەشیرەت دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی بنەماڵەکەیان.

**و- بەرژەوەندی تایفی ومەزهەبی:**

هەر ئاینێک دابەش دەبێ بۆ چەند تایفە و هەر تایفەیەک چەند مەزهەب لەخۆ دەگرێ.

## جیاوازی نێوان تایفەو مەزهەب:

تایفە جیاوازییان هەیە لە (اصول الدين وفروع الدين) یانی لە عەقیدە و لە فیقهدا، بۆ نموونە: لە ئیسلام سێ تایفە هەیە: سونەو، شیعەو، خەواریج.

١- شیعە دەبێ عەقیدەی وابێ کە (خەلیفە) سەرۆکی موسلمانان لای خوا دانراوە و بە وەحی بە پێغەمبەری فەرمووە، ئەو سەرۆکانەش لە ئەولادی حەزرەتی فاتیمەی کچی پێغەمبەرن، لەوان زیاتر کەس مافی وەرگرتنی ئەو پلەیەی نییە، و هەر کەسێ بە کوتەک یان بە ئینتخاب ئەو پلەیە بە دەست بێنێ داگیرکار و ستەمکارە.

٢- تایفەی سونە: عەقیدەیان وایە دەبێ (خەلیفە) لە هۆزی قورەیشی بێ، کەواتە مەرج نییە لە ئەولادی حەزرەتی فاتیمە بێ، هەروەها عەقیدەیان وایە خوا خەلیفەی دانەناوە، بەلکوخەڵک خەلیفە بۆ خۆیان دادەنێن.

٣- تایفەی خەواریج: عەقیدەیان وایە کە مەرج نییە خەلیفە نە لە ئەولادی حەزرەتی فاتیمە بێ نە قورەیشی بێ، بەلکو هەر کەسێ موسلمان لەسەری ڕێککەوتن دەبێ بە خەلیفە.

مەزهەب جیاوازیان هەیە لە(فروع) یانی فیقە، بەڵام جیاوازیان نییە لە عەقیدە، بۆیی هەر تایفەیەک دابەش بووە بۆ چەند مەزەب، تایفەی سوننە دابەش بووە بۆ: حەنەفی و، مالیکی و، شافیعی و، حەنبەلی. شیعە دابەش بووە بۆ: جەعفەری، وزیدی و، ئیسماعیلی و، نەسیری و، چەندی تر. تایفەی خەواریج دابەش بووە بۆ: ئیبازی و، چەندی تر.

بەرژەوەندی تاییفی و مەزەبی جێگای ڕێزە بەو مەرجەی خزمەتی بەرژەوەندی ئایین بکات بە گشتی، هەروەکو دەڵێن: (اختلاف الامة رحمة) بەڵام هەرکاتێ بەرژەوەندییەکە پێچەوانە بوو لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی ئایین، ئەوە ڕێزی لێ ناگیرێ و بە گومڕا و دەرچوو لە ئایین دەژمێردرێ.

چۆن بزانین بەرژەوەندی فەلان مەزەب لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی ئایینە؟ بەرژەوەندی فەلان مەزەب پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی ئایینە؟ ئەوە بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی مەزەبەکان (اصول الفقە) دەزاندرێ، چونکە هەموو مەزەبەکانی هەر تایفەیەک ڕێز لە سەرچاوەکە دەگرن بڕیاریان داوە لێی دەرنەچن.

بەڵام بۆ بەرژەوەندی تاییفەکان زەحمەتە ڕێککەوتن، چونکە هەموویان کۆکن تەنها لەسەر یەک سەرچاوە ئەویش قورئانە و، قورئانیش دەتواندرێ تەئویلی جۆراوجۆر بکرێ، بۆیێ ڕێککەوتنی تاییفەکان لەگەڵ یەکتر زەحمەتە، و زۆر جار بەرژەوەندی تایفی بوویتە هۆی شەڕ و ئاژاوە لە نێوان موسلمانان.

## مێژووی تـایفەگەری:

تایفەگەری هەرزوو لەناو موسوڵمان دروست بوو، لەسەردەمی خولەفای راشدین، بەڵام لە دوای شەهیدبوونی ئیمامی عەلی تەقیەوە و پەرەیسەند و بووە هۆی شەڕی ناوخۆ، سەردەمی حوکمی ئەمەوی کە سەرکردایەتی تاییفەی سوننەیان دەکرد زۆر شەڕی خوێناوی ڕویدا و خەلکێکی زۆر ئازار و ئەشکەنجە درا بەهۆی تاییفەگەری، لە سەردەمی عەباسیدا لە ئەوەلەوە تۆزی کپ بوو، بەهۆی راوەدونانی ئەمەوییەکان، چونکە دوژمنی هاوبەشی زۆربەی تاییفەکان بوون، بەڵام پاشان خراپتر سەری هەڵدا، وچەندەها جار شەڕی تاییفی لەناو بەغدا بەرپابوو. لە نێوان کەرخ و ڕەسافە، بەڕاستی شەڕی تاییفی زیانێکی زۆری بە دەوڵەتی ئیسلام گەیاند و، تووشی شەلەلی کرد لە

پێشکەوتنی ئابوری و سیناعی، ڕاستە لە بارەی زانیاری ئایین و ئەدەب و شعر پێشکەوتنی باشی هەبوو، چونکە وەکو جۆرە چەکەکی کاریگەر دەژمێردرا بۆ شەڕی تایفی، بەڕاستی دەمارگیری تاییفی حکومەت و خەڵکی بێزار کرد، چونکە حکومەت گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە مەسەلەکە بە زەبری هێز چارەسەر ناکرێ، بۆیێ بیر لەوە کرایەوە کە بە فیکرێکی تر چارەسەر بکرێ، کەواتە پێویستی هەبوو بە تاییفەییکی تر دەمارگیری تاییفی لاواز بکات، ئەو ئاواتەیان لە فیکری تەسەوف دیتەوە .

## فیکری تەسەوف:

تەسەووف هەبوو هەر زوو، ئەویش بریتیبوو لە بیروڕای ئەو(صەحابا)نەی خۆیان دوور گرت لە شەڕی نێوان ئیمامی عەلی و معاویە، و بەپەناگیری مانەوە و، دوورکەوتنەوە لە حوکمڕانی، و خۆیان پاراست لە شەڕی تاییفی نێوان شیعە و سوننە، و لەبارەی بیروڕا: بیرو بۆچونەکەیان بەرژەوەندی گشتی خەڵکەکەی تێدابوو بەبێ ئەوەی زیان لە بەرژەوەندی حوکمڕانان بدات.

چونکە لەو کاتی فیکری تەسەوفی بریتیبوو لە سێ شت:

١- خۆشەویستی خواو ترسان لیی.

٢- دوورکەوتنەوە لە دوونیا و خۆ ئامادەکردن بۆ قیامەت.

٣- دڵکراوەیی و لێبوردەیی لەگەڵ هەموو کەس بە شیعە و سونە و خەواریجەوە، بەڵکو لەگەڵ کافریش.

لە سەدەی چوار و پێنجی کۆچی لەبەر ئەوەی خەڵکەکە شەکەت و ماندوو ببوو لە شەڕی تاییفەگەری ڕوویان کردە تەسەووف، هەروەها حوکمڕانان هەستیان کرد ئەو جۆرە فیکرە ئەگەر بڵاوبێتەوە لەناو خەلک شەڕ و ئاژاوەی تاییفی کەم دەکاتەوە و، ئاسایشی وڵات سەقامگیر دەکات، لە هەمان کات تەماع کردن لە کورسی حوکمڕانی کەم دەکاتەوە و، کورسییەکە بۆ خۆیان پاوان دەبێ، بۆیێ بایەخێکی زۆریاندا بە پیرانی تەریقەت، وبەغدایان کرد بە پایتەختی گەورە پیاوانی تەسەوف، وپارەیان بەسەردا دەڕشتن و خزمەتیان دەکردن، ئەوانیش هەندێکیان لەولایە وەریان دەگرت، لە لایەکەی تر بەسەر فەقیر و هەژارانیان دابەش دەکرد. رزقی ئەورۆیان هەڵنەدەگرت بۆ سبەینێ، بەڵام هەندێکیان خانوو میوانخانەیان دروست دەکرد، خزمەتچی و قاوەچی و ناوماڵیان هەبوو، سێ چوار ژنیان دەهێنا، لە ڕیزی پیاوە ناودارەکانی بەغدا بوون، وجێگەی گەورەیان

هەبوو لە (مجلیس)ی خەلیفە و وەزیر و قسەیان دەڕۆیشت و شەفاعەتیان ڕەدنەدەکرایەوە، بەڵام ئەوانیش هەرماڵیان پاشەکەوت نەدەکرد، بەڵکو هەر زیادەیێ لە مەسرەف هەبایە بەسەر دەوروبەرەکانی خۆیان دابەش دەکرد. بەو جۆرە ماوەیەکی باش شەڕی تاییفی کپ بۆوە، واتە تەماعکاران لەسەر کورسی دەستەڵات کەم بوونەوە، وململانێ لەسەر کورسی قەتیسی بوو لە بنەماڵەی عەباسی.

بەڵام لەماوەی یەک دوو سەدە زۆر شت گۆڕا بە هۆی ئەو خاڵانەی خوارەوە:

١- هەموو کات جەخت کردنەوە لەسەر ترسان لەخوا و باس کردنی هێز و توانای خوا و باسی جەیشی مەلائیکەت و جۆری چەکیان و چۆنیەتی هەڵمەتبردنیان بۆ سەر ئەوانەی خوا لێیان توڕە دەبێ، وە چۆنیەتی عەزابی جەهەنەم، تەئسیرێکی نەفسی خراپی کرد لەسەر خەڵکەکە، لە کتێبەکانی تەسەوف باسی چەندەها کەس دەکات کە بەگەنجی لە ترسی خودا تۆقاون و مردوون، باسی چەندەها کەس دەکات کە لە ترسان شێتبوونە و، بە ئاقارێ کەوتوون، و چەندەها حوکمدار و کاربەدەستی دەوڵەت لە ترسی خوا وازیان لە پلە و پایەکانیان هێناوە و بەرگی فەقیریان لەبەر کردووە، و خۆیان بۆ عیبادەت تەرخان کردووە. بارو دۆخی نەفسی خەڵک گۆرانکارییەکی بنەڕەتی بەسەرداهات، جاران لەسەردەمی تاییفەگەری ئەگەر کەسێ بمردبایە یا لەشەڕی تاییفەگەری بکوژرابا دەیانگوت: ئەوە خەنی بوو، چونکە لە دوونیای پڕ چەرمە سەری نەجاتی بوو گەیشتە بەهەشتی بەرین و پڕ ناز و نیعمەت، کەچی ئێستا ئەگەر کەسێ بمرێ کاریسەیە، چونکە یەکەم جار حەزرەتی عیزرائیل دەبینی بەو سامناکیە و لە ترسان دەتۆقی، پاشان کە خستیانە ناو قەبر گۆڕەشاری دەدەن هەموو ئیسقانی هوورد دەبێ، لە دووایی دوو مەلائیکەی چاو زەردی سامناک نینۆکیان مەترێک درێژە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەن، هەر یەک غەڵەت بکات حیسابی دەچی، بۆیێ دەبی قورئانخوێن بگرین، وتازێ و خێری بۆ بکەن و، ئیسقاتو سەلاتی بۆ بکەن، وخێری چلەی بۆ بکەن و، لە هەموو موناسەبە بچنە سەر قەبری وفاتیحەی بۆ بخوێنن و یاسینی لەسەر بخوێنن و، ختمی بۆ بکەن، بەو جۆرە مردن دبێتە مووسیبەتێکی زۆر گەورە.

٢- هەموو کات جەخت کردنەوە لەسەر دوورکەوتنەوە لە دونیا و خۆئامادەکردن بۆ قیامەت، بۆ ئەو مەبەستە وتارە ئاینییەکانیان پڕکرد لە زەمی دوونیا و زەمی ماڵ و خانووی خۆش و خواردنی خۆش و، زەمی ژن و منداڵ، چونکە ئەو شتانە دەبنە هۆی مەشغول بوون لە زیکر و فیکری خوا تا دەڵێن:

کۆمەڵێک هاتنە لای شێخ جونەید و پرسیان لە هەوڵدان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، فەرموی: ئەگەر جێگای رزق پێدەزانن بچن هەوڵی بۆ بدەن، گۆتیان: لە خوا دەپاڕێینەوە نیشانمان بدات، فەرمووی: ئەگەر دەزانن خوا لەبیرتان دەکات بە بیری بهێننەوە، گۆتیان: کەواتە دەچینەوە مالێ و پشت بە خوا دەبەستین و چاوەڕوانی رزق دەکەین، فەرموی: تاقی کردنەوەی خوا گومانە، گۆتیان: ئەدی چار چییە؟ فەرمووی: وازهێنان لە چارە چارەیە[٣]. هەموومان دەزانین بڵاوبونەوەی ئەو جۆرە سەقافەتە پێچەوانەیە لەگەڵ پێشکەوتنی ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی بیناسازی و پێشکەوتنی سەنعات، چونکە پێشکەوتنی ئەو شتانە یانی خۆشویستنی دوونیا و ژیان.

٣- باوەش کردنەوە بۆ هەموو کەس بە شیعە و سونەوە، بە موسڵمان و کافرەوە، ئەوە درووشمێکی مرۆڤانە و خووڕەوشتێکی بەرز و جوانە، بەڵام هەر نەتەوەیەک یا تاییفەیەک ئەو دروشمە هەڵگری حوکمڕانی لەدەستدەدا، چونکە بەرگری لە خۆیان ناکەن لە دژی بەرامبەرەکان، لێرە تاییفەی سوننە وازیان لە دەمارگیری تاییفی هێنا، کەچی شیعە بەردەوام بوون لە دەمارگیری و خۆسازدان لە دژی سوننە، بەو جۆرە سوننە زیانیان پێ گەیشت.

بە بۆچوونی من هەر کەس ئەو سێ بنەمایەی لە دڵی بچەسپێ بەرگری لە دەوڵەت ناکات، هەر بۆیێ دەوڵەتی عەباسی نەیتوانی بەرگری لە خۆی بکات لە بەرامبەر هێرشی تەتەر، چونکە نەیتوانی لەشکرێکی گەورە کۆبکاتەوە و بەگژیاندا بچی، چونکە بەرگری کردن لە دەوڵەت پێویستی بە خەلکێک هەیە کە دەمارگیری تاییفی یا نەتەوەیی هەبێ و حەز لە دونیا بکات، و حەز لە حوکمڕانی بکات و ئامادەبێ خۆی بە کوشتن بدات لە پێناوی.

**شەڕی جیهانی یەکەم و حاڵی موسلمانان:**

پاش تەواو بوونی شەڕی جیهانی یەکەم دەوڵەتی ئیسلام بە ڕەسمی کۆتایی هات، ودەوڵەتی نەتەوەیی دروست بوون، بەڵام عەقیدەی ئیسلامی بە هەموو تاییفەوە لە دڵ و دەروونی موسڵمانان مایەوە، بەو جۆرەی خوارەوە:

١- تاییفەی شیعە دەمارگیری تاییفیان وەکوو خۆ مایەوە، چونکە زانایانی ئایینی ئەوان لە دژی بڵاوبوونەوەی فیکری سۆفیگەری ڕاوەستان و نەیانهێشت لەناو تاییفەکەیان پەرەبسێنێ، بۆیێ توانیان دەوڵەتی تاییفی لە ئێران دروست بکەن.

---

[٣] أحمد أمين، ظهر الاسلام ١٧٥/٤

٢- تاییفەی سوننە دەمارگیری تاییفیان لاواز بوو، و زانایانی ئاینی نەیانتوانی بەرگری لە تایفەی خۆیان بکەن لە بەرامبەر فیکری تەسەووف، چونکە حوکمڕانەکان پشتیوانیان دەکرد لە فیکرەکە، چونکە فیکرەی تەساموحەکەیان زۆر پێخۆشبوو.

## تاییفەی سوننە بەرەو کوێ دەچێ؟

تاییفەی سوننە گەورەترین تایفەی ئیسلامە، بەڵام هەر وەکو باسمان کرد فیکری تەسەووف دەمارگیری تایفی زۆر لاواز کرد، پاشان دەمارگیری نەتەوایەتی و دەمارگیری عەشیرەتی و دەمارگیری بنەماڵە لاوازتری کرد.

بەڵام خەلکە ئایینپەروەرەکە کەم و زۆر هەستەکەیان لەناو دڵ ماوە، و ئەو هەستەش زیاد دەکات ئەگەر تاییفەی شیعە قازانج و سەرکەوتنی باش بە دەست بێنێ، یا هێزەکانی نەتەوە پەروەر فەشەل بهێنن لەبەرگری کردن لە مافەکانی نەتەوایەتی و چەسپاندنی عەدالەت و سەقامگیرکردنی یاسا لەناوەخۆ.

تا ئێستا زانایانی ئایینی سوننە نەخشە و پلانێکیان نییە بۆ ژیاندنەوەی دەمارگیری تاییفی سوننەگەری، ڕاستە سعودییەکان لە سایەیی دەمارگیری ئایینی گەیشتن بە دەستەڵات، بەڵام لەسەر بنەمای دەمارگیری تاییفی نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای دەمارگیری مەزەبییە، بۆیی هاوکاری هەر حیزبێکی ئیسلامی بکەن هەندێ ڕێسای فیقهی مەزەبی حەنبەلی لەسەر فەرز دەکەن، وەکو: لاق فش کردنەوە لە نوێژ و دەست لەسەر سینگ گرتن و پەنجەی شادە بڵند و نوی کردن.....
چونکە ئەو شتانە سوننەتن لە مەزەبی حەنبەلی، ئەو بیرە تەسکە مەزەبییە ئەساسی مێژووی خۆی هەیە، ئەساسەکەش ئەوەیە، بزوتنەوەی وەهابی لە دژی حوکومەتی عوسمانلی دروست بوو، حوکومەتی عوسمانلی سوننەی حەنەفی بوو، بۆیێ دەبایە مەزەبی بێت و لەسەر ئەساسی مەزەب شەرعیەت بە شەڕەکانیان بدەن لەگەڵ عوسمانلی، چونکە لەسەر ئەساسی تاییفی ڕەوا نەدەبوو، چونکە هەردوولا لە تاییفەی سوننە بوون.

## حزبە ئیسلامیەکان چەند توانیتیان خزمەتی تاییفەی سوننە بکەن؟

حزبە ئیسلامیەکان زۆربەیان بە هاوکاری و یارمەتی سعودیە دەژین، سعودییەکانیش تا ئێستا مەزەبینە نەک تاییفی، وهەندێ مەسائیلی مەزەبی خۆیان مەرج دەکەن لەسەر ئەو حیزبانەی یارمەتییان لێ وەردەگرن، ئەوەش دەبێتە هۆکاری ناکۆکی لە نێوان ئەندامانی ئەو حیزبانە و زانا

ئایینیە تەقلیدیەکان، بۆیی ئەو حیزبانە سەرکەوتنیان بە دەست نەهێناوە لە کۆکۆدنەوەی زانایانی ئایینی لەسەر ئەساسی تاییفەی سوننە بە گشتی، بەلکو بووینە هۆی تەفریقە و ناخۆشی لە هەندێ جێگا، بۆیێ بە بۆچوونی من ئەگەر مەزەبی حەنبەلیان لەسەر فەرز نەکردبانە و شتەکەیان بۆ سەرکردایەتی حیزبەکان جێهێشتبایە، وهەر حیزبێ لە سنوری ئیش و کاری خۆی بە گوێرەی مەزەبی ئەو جێگایە هەڵسوکەوتی بکردبایە سەرکەوتنی باشتریان بە دەست دەهێنا.

ئێستا پاش ئەو سەرکەوتنانەی ئەحزابی ئیسلامی شیعە بە دەستیان هێنا کاتی ئەوە هاتووە سعوودییە و ئەحزابی ئیسلامی سوننە چاوێک بەو هەڵوێستە مەزەبیگەرییە دابخشێننەوە و پلان و نەخشە دابرێژن بۆ چوارچێوەیەک جێگای هەر چوار مەزەبی سوننەی تێدا ببێتەوە، وهەوڵ بدەن خورافیات ڕیشەکێش بکەن لەهەر دەڤەرێ بە گوێرەی مەزەبی خۆی.

**دووەم: بەرژەوەندی تایبەتی:**

بەرژەوەندی تایبەتی ڕێزی لێ گیراوە و حیسابی بۆ کراوە، بەڵام چوارچێوەی بۆ داندراوە، ئەویش ئەوەیە: حەڵاڵە بۆ هەموو کەس بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بپارێزی و بەرگری لێبکات، وهەر خۆشیەکی حەز بکات بیکات بەو مەرجەی حەرام نەبێ لە شەرع و زیان بەخش نەبێ بۆ بەرژەوەندی خەلکی تر، چونکە دروست نییە مرۆڤ خۆشی بۆ خۆی دابین بکات لەسەر ناخۆشی خەلک، دروست نییە قازانج بکات لەسەر زەرەری خەلکی تر، دروست نییە خۆی دەوڵەمەند بکات لەسەر فەقیر کردنی خەلکی تر.

لە راستیدا تاکەکانی مرۆڤ ژمارەیان گەلێ زۆرە، هەر کەس هەوڵ دەدات بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆی، بۆیێ بەرژەوەندی تایبەتی گەلێ زۆرن، و جارجار تێکدەئاڵێ و بەرژەوەندی هەندێکیان دەبیتە هۆی لە دەست چونی بەرژەوەندی ئەوانی تر، لەو کاتە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ شەرع و یاسا و چۆنیەتی دابەشکردنی ماف و ئەرک، ئەو کات بەرژەوەندی کامیان مەشروع بوو وەری دەگرێ، و بەرژەوەندی کامیان نامەشروع بوو دەبێ وازبهێنێ.

**ئایین و بەرژەوەندی کورد:**

کورد لە سەتا هەشتاو پێنجی موسلمانە، لەو ژمارەیەش هەشتای سوننە مەزەبە، کەواتە کورد لە تاییفەی سوننە دەژمێردرێ.

زۆر کەس دەپرسی: بۆ هەموو میلەتەکان دینیان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی نەتەوەی خۆیان، کەچی کورد بەرژەوەندی نەتەوەی کردۆتە قوربانی ئایین؟

ڕاستە کورد ئایینی بەکارنەهێناوە بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی نەتەوەیی یا بۆ گەیشتن بە حوکمڕانی نەتەوەکانی تر جگە لە بنەماڵەی (ئەیوبی) ئەویش بۆ ماوەی هەشتا ساڵ، هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کورد سوننەیەکی سۆفی مەشرەبە، ئەو سێ بنەمایەی تەسەووف کە باسم کرد بە تایبەتی تەساموح و دونیا نەویستن و خۆئامادەکردن بۆ قیامەت ئیمپراتۆڕیەتی عەباسی و عوسمانی فەوتاند، کوردەک هەموو رۆژێ چاوەڕوانی قیامەت بکات و بەتەمابێ دونیا چەند ڕۆژی تر خرا دەبێ و، دڵی بە دونیا خۆشنەبێ، چ ئومێدی ئەوەی لێ دەکرێ خۆی بە کوشتن بدات بۆ حوکمڕانی، بۆیێ هەر کاتێ ستەمیان لێکرابێ شەڕیان کردووە، کە حوکمڕانان وەعدەیان پێدابن چیتر ستەمیان لێ ناکەن شۆڕشەکەیان وازلێهێناوە. هەر بۆیێ لە هەموو شۆڕشەکان بە نیوە چلی وازیان هێناوە، چونکە هەر کاتێ شۆڕش گەیشتبێتە دووڕیانی هات و نەهات و، هەستیان کردبێ خەڵکەکی زۆر دەکوژرێ، دەستیان کردووە بە موشاوەرە لەنێو خۆیان گوتیتیان، کاکە دونیا ئەوەی ناهێنێ ئێمە ئەو هەموو خەڵکەی بۆ بە کوشتن بدەین، دونیا چییە پێنج و دوو ڕۆژێکە و سبەی قیامەتە، خوا هەڵناگرێ ئێمە ئەو هەموو خەلکەی بۆ بە کوشتن بدەین، ئەوە ڕۆشنبیری سۆفیگەرییە، بەڵام ڕۆشنبیری سوننەگەری فیقهی وانییە، بەڵکو ئەو دەڵێ: براینە ئێمە داوای مافی خۆمان دەکەین و لەشکری بەرامبەر زاڵم و ستەمکارە، خوا فەرزی کردییە لەسەرمان ئەو ستەمکارانە تەمبێ بکەین، کەواتە ئەگەر شەڕ نەکەین گووناحە، چونکە پتر مەغرور دەبن و زیاتر ستەم دەکەن، بۆیێ ئێستا دوو ڕێگامان لەپێشە یەکەمیان: سەرکەوتن و گەیشتن بە مافی خۆمان، دووەمیان: شەهیدبوون و چوون بۆ بەهەشت، کام لا خوا بە نسیبی کرد باشە، وکەواتە سەنگەرتان توندکەن و کەس پاشەکشە نەکات تا شەهید دەبێ، بەو جۆرە سەر دەکەوین.

کەواتە ئێمە خۆمان ڕۆشنبیریێکی ئایینی وامان هەڵبژاردووە دژی بەرژەوەندی دوونیایە، بۆیێ سود و بەرژەوەندی دونیامان نەکردووە، هەرگیز ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە ئایینیە سود و بەرژەوەندی دونیای نابێ، بەڵام خەڵکی تر ڕۆشنبیرییە فیقهییەکەی هەڵبژاردووە و سوودی لە ئایین وەرگرتووە.

**لەو دوو ڕۆشنبیرییە ئایینیە کامیان ڕاسترە؟**

بە بۆچونی من ڕۆشنبیری فیقهی سوننەگەری ڕاسترە لە ڕۆشنبیری سۆفیگەری دونیانەویستی، چونکە ئایینەکان هاتوونە بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ لە دونیا و قیامەت، کەواتە پێویستە لەسەر مرۆڤی ئایینپەروەر وەکو یەکتر هەوڵیان بۆ بدا. بەڵگەکەش ئەوەیە کە فیقهی ئیسلامی چوار بەشە، سێ بەشی بۆ ڕێکخستنی کاروباری دونیایە ئەوانیش بریتییە: لە بەشی(معاملات) یاسای شارستانی، بەشی (مناكحات) یاسای باری کەسێتی، بەشی (جنايات) یاسای سزادان، تەنها بەشی (عبادات) بۆ قیامەتە، ئەویش هەندێ بەرژەوەندی دونیای تێدایە، وەکو سوودەکانی رۆژو بۆ تەندروستی مرۆڤ و زۆر سودی تر، هەروەها بڕوابوون بە ڕۆژی قیامەت بۆ ئەوەیە دەستەڵاتداران ستەمکاری نەکەن و فەقیر و هەژار نەچەوسێننەوە، چونکە ئەگەر ستەمکاری بکەن لە قیامەت تۆڵەیان لێ دەکرێتەوە، ئەوەش بەرژەوەندی دونیای تێدایە.

## کۆتایی

لە کۆتاییی حەز دەکەم بڵێم کە گوتاری ئایینی لە کوردستان گوتارێکی سەقەتە، چونکە زۆربەی وتاربێژەکان لە گوتاری هەینی و بۆنە پیرۆزەکان لەسەر فیکرەی تەسەوفی ناو کتێبە کۆنەکان وتار دەخوێننەوە بۆیە جەخت لەسەر قیامەت دەکەنەوە و باسی هەواڵی مەحشەر و ناخۆشی جەهەنەم و ، باسی مار و دووپشکی عەجائیب دەکەن و، باسی ناخۆشی مردن و گۆرەشار و مەلائیکەتە ترسناکەکان دەکەن، هەوڵدەدەن خەڵکەکە بتۆقێ و لە ترسان دەست بەگریان بکات. زۆر کەمن ئەوانەی باسی چاکسازی کۆمەڵایەتی دەکەن، بۆیێ پێویستە پەرە بە کۆلێژ و پەیمانگا ئایینیەکان بدەین، وانەی چۆنیەتی گوتار خوێندنەوە و مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان و زانیاری کۆمەڵناسی بە شێوەیەکی بەرفراوان بخوێندرێ، بۆ ئەوەی گوتاربێژی ئایینی دیندارێکی کوردپەروەر بێ و، بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین گوتاری ئایینی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان بپارێزی و پەرە بە باری ئابووری و رۆشنبیری نەتەوایەتی بدات، بە پشتیوانی خوای پاک و بێ گەرد سەردەکەوین لەو ئەرکە پیرۆزە.